عەبدوڵڵا سەمەدی

## نەینووك

ڕاست بەرەو ڕووم وێستاوە. چاوی لە گلێنەی چاوەکانم بڕیوە. پێڵوو ناترووکێنێ. ئەوەند لێی خورد دەبمەوە، دەڵێی لە جێیەك دیومە. دەبێ بە ڕێبواری بە تەنیشت یەکا تێپەڕیبین؟! لە سەفێکا بە لای یەکا ڕاوەستابین؟! یان لە میوانییەکا بەرەو ڕووی یەك دانیشتبین؟! ڕەنگیشە بە کەسێکی بشوبهێنم.

زوو زوو چاو دەترووکێنم، بەڵکوو بە مەودای چاو تروکاندنێك خۆی لێ بدزمەوە. چاو ناترووکێنێ. گرێیەك لە بڕۆکانیدایە و ترووسکەیەك لە چاوەکانی. سەدان پرسیاریش لە هەنیەی.

چیلێم دەوێ وا کڕ و پەشۆکاو؟! وا هەست دەکەم من وێنەیەکی پشت نەینووکم و ئەو لەش. کە دەجووڵێ، دەجووڵێم. دەست بە تاڵە خۆڵەمێشییەکانی لاجانگی دادێنێ، منیش دایدێنم. بەڵام کە چاو دەترووکێنم، ئەو نایترووکێنێ. هەرچەند دەکەم چرکەیەك، نیوچرکە وەپێشی کەوم، بەڵکوو بوونی خۆم و سێبەریی ئەو بسەلمێنم، بۆم ناکرێ. پتر لە بوونی خۆم وەشك دەکەوم.

دیسان دەیئەزمووم. وردە وردە لێم سوور دەبێ ئەو من دەئەزموێ. ئیدی دڵنیام من وێنەیەکی تەڵخی ئەوم. بیر و هزری لە چاوەکانیدا دەخوێنمەوە. پێمدەڵێ: تۆ کێی؟ چیت لێمدەوێ؟ لاچۆ.. بڕۆ..!

*چ ئاشکرایە دوانی وسکوت! چ بڵیندە هاواری بێدەنگی!*

هەموو هێزم دە لاقەکانم وەردێنم، بەجێیبێڵم. ناتۆانم. وەك دارێك لە بەرامبەریدا ڕواوم. لەو تووڕەییەی لە چاوەکانیدا پەنگی خواردووەتەوە دەترسم.

بە مەودای مستێکی کاریگەر لە یەك دوورین، بە مەودای تفێکی زەرد. لاقەکانم بۆ ناجووڵێ. لە ئەوپەڕی ترسدا نەویستە ڕاوەستاوم. چاوەڕوانی کارەساتێکم.

دەست هەڵدێنێ و پەنجەکانی دەکاتەوە. بەرەو ڕوومی درێژ دەکا.

چ ترسنۆکێکی چاونەترسم! پەنجە لە پەنجەکانی گرێدەدەم. دەستم دەلەرزێ و نایەڵم ئانیشکم بنووشتێتەوە. پاڵ بە پەنجەی یەکەوە دەنێین. شووشە بەلای مندا زگدەدا و ئارەقەم لە نێو چاوان دەتکێ. شووشە بە لای مندا دەشکێ.

چرژ دەبەم. بە قرموهووڕ هەڵدەوەرم. بە سێبەری لە سەر تەوێڵی سەرزەوی دەمێنمەوە. بە سێبەری دێم و دەچم. سێبەرێکی بێخاوەن. پێدەکەنم، دەگریم، دەخۆم، دەنووم.

*ئێستا لە ئاوێنەیەك دەگەڕێم سێبەری خۆمی تێدا بەدیکەم. پەنجە لە پەنجەکانی گرێدەم. ئێستا لە ئاوێنەیەك دەگەڕێم..*